# چەند ئامۆژگاریەك بۆ خوشكان

? م/ رمضان قابیل
ئیمام و خەطیــبی مزگەوتی گەورەی
قادركەرەمییەكان لە شۆڕش/ چەمچەمال

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

## پێشەكی

خوێنەری خۆشەویست من نەمویست لەم چەند ئامۆژگاریــەدا بەســەرهاتی داماوەكــانی دونیــا بگێڕمــەوە، هــەروەها نەمویــست بەشــێوەی (منـــهج البحـــث) دایڕێــژم، چــونكە چــەند ئامۆژگاریەك وەكو دیاریەك پێشكەشی دەكـەم بۆ ئەو ئافرەتانـەی كـەخاوەن بـیرو هۆشـن بـۆ ئەوانـەی كـە چـاویان بەسـەر هەردێڕكـدا یـان ئامۆژگاریەكدا دەچێت تێڕامانێك تێدا دەكـەن بـۆ ئـەو خوشـكانەی كـە دەیانـەوێ بـەپاكی بەچـاكی بـژین لەژیانــدا پێـشینان وتویانــە: (العاقل تكفيه الإ شـــارة) كەسـی ژێـر هێمایـەكی بەسە بـۆ تێگەیـشتن

## ئامۆژگاری یەكەم

### خوشكی بەڕێزم:

گــەورەترین باسـێك كەشایـستە بێـت مرۆڤــ بیزانێت و تێی بگـات ئەوەیـە كـەبزانێت بۆچـی دروست كراوە؟ چ مەبەسـتێك هەیـە لەدروسـت بــوونی مرۆڤــ؟ خــوای گــەورەو میهرەبــان هــەمووانی دروســت كــردووە بــە پیــاوان و ئافرەتانــەوە بــۆ پەرسـتنی خـۆی تەنانــەت جنۆكــەكانیش، هــەروەك خــودای گــەورە دەفەرموێ:

﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّـا لِيَعْبُـدُونِ ﴾ [الذاريات: ٥٦] .

کەواتــە: دیــارە وشــەی عیبــادەت ئــەوە دەگەیەنێ کەکارێك بکەین لـەژیانی ڕۆژانەمانـدا ببێتە جێی ڕەزامەنـدی پـەروەردگارمان، بـەڵام ئایا لەپەرستنی خودایـە کـە ئـافرەت زۆربـەی کاتــەکانی لەبــەر ئاوێنــەدا بباتــە ســەر یــان ســـەرقاڵی پەیوەنــدی وەرگــرتن بــێ، یــان تەماشای هەموو زنجیرە فلیمـەکانی ڕاگەیانـدن بێت، یان........ بێگومان نەخێر جا پێویست دەکــات خوشــکی موســڵمان بیرێــك لــەخۆت بکەیتەوە.

## خوشکی موسڵمان:

ڕوونە لەلای هەریەك لەئێمـە کـەهیچ خانویـەك نییە ئیلا دەبێت چەند کۆڵەکەیەك ڕایگرتبێـت، وە کۆڵەکــەی ئــایینی ئیــسلام نوێژەکانــە خوشـکی بـەڕێزم سـوربە لەسـەر جـێ بـەجێ کردنی نوێژەکانت لە کـاتی خۆیـدا بـە لـە خـوا ترسانەوە نوێژەکانت بەجێ بهێنە لە واتاکـانی نوێژو ویردەکانی خۆت تێبگەیەنە تـا دەتـوانی وریابە لەوانە نـەبیت کـە پـەروەردگار باسـیانی کـردووە و لۆمــەیان دەکـات لــە نوێژەکانیانـدا تەمبەڵی دەکـەن .. ﴿الَّذِينَ هُمْ عَن صَـلَاتِهِمْ سَاهُونَ﴾ [الماعون: ٥] .

## خوشکی ئازیزم: خوشکی بەڕێزم:

هیچ گومانێکی تیدا نىیـە کەبنـچینەی هـەموو خراپەیـەکی ڕەوشـتی دەگەڕێتـەوە بـۆ تێکـەڵ بـــوونی ئافرەتــــان و پیــــاوانی نامـــــەحرەم سەرەتایەکە بۆ دەرئەنجامێکی تاریك و بەئازار دەرئەنجامێك کەهــەمووان وەك موسـڵمان پێـی ناڕازیبین، پێغەمبەری سەروەرمان دەفەرموێ: (ألا لا يخلون رجل بــامرأة إلا كــان ثالثهمــا الشيطان)(١).

واتـە: هـیچ کاتێـك پیـاوێکی نامـەحرەم لەگـەڵ ئافرەتێکدا کۆنابێتەوە لەجێگەیەکدا إلا شیطان سێهەمیانە.

## خوشکی بەڕێزم:

وریابــە سەرپێــچی فــەرمانی پێغەمبــەر ﷺ نەکـەیت، وە ئـەوەش بزانـە کـە ئـاگری دۆزەخ بەخۆشی وئارەزوو دەور دراوە:

(وحفت النارُ بالشهوات)(٢) .

واتە: ئاگری دۆزەخـش بـە بەخۆشـی وئـارەزوو دەور دراوە .

## خوشکی بەڕێزم:

(١) (رواه الترمذي وصححه الألباني في :صحيح الجـامع الصغير: ٢٥٤٦) .

(٢) (رواه الترمذي وصححه الألباني في : صحيح الجـامع الصغير: ٣١٤٧) .

باهەست بەوە بكەین كە لەش ساغی نیعمەتی پــەروەردگارە و ســاغی ئەندامــەكانی لــەش نیعمەتێكی گەورەیە، جا باوریا بـین لەحەرامـدا بەكاری نەهێنین، ئایا خوشكی بەڕێزم دیقـەتی كـوێرت داوە ڕۆژێ لـە ڕۆژان تـاوەكو نیعمـەتی چاوت بیر كەوێتەوە؟!

ئایا دیقەتی كەڕو لاڵێكت داوە تـاوەكو هەسـت بەنیعمەتی زمان وبیستن بكەیت؟!

خودای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِــهِ عِلْــمٌ إِنَّ الــسَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُــلُّ أُولــــئِكَ كَــانَ عَنْــهُ مَسْؤُولاً﴾ [الإسراء: ٣٦].

كەواتـە پرسـیارت لێ دەكـرێ بەرامبـەر بیـستن وبیــنین ئــەو دڵــەی كەهــەڵت گرتــووە، جــا خوشكی بەڕێزم گوێكانـت بپـارێزە لـە گـۆرانی پڕوپــوچ و لــەو قــسەو قــسەلۆكانەی كــە هــیچ ســودێك بــە مرۆڤــ ناگەیــەنن، بــەڵكو زۆربــەی لەوانەیە تاوانیش بێت، خوشكی بەڕێزم چـاوت بپـارێزە لـەو كەناڵانـەی كـەدوورن لـە هــەموو ڕەوشت و ئاكاری مرۆڤایەتی، خوشكی بـەڕێزم هەندێ جیگـا هەیـە وریـا بـە تیایدا نەوەسـتی یان بۆی نەچی كەجێگەی گومانی خەڵكیە یان ئافرەتی بـەد ڕەوشـت و پیـاوانی گـورگ ئاسـا لەو جێگایەدا كۆدەبنەوە !!!

## خوشكی موسڵمان:

شەپۆلی داب و نەریتی غەرب زۆر بەتین بـەرەو كۆمــەڵگای موســڵمان دێــت یــەكێك لــەو بــەڵا گەورانـە ئەوەیـە كـە ئافرەتـان پـانتۆڵ لـەپێ دەكـــەن وەك دەبینـــرێ چـــۆن لـــەبازاڕ و خوێنـــدنگاو شـــوێنە گـــشتییەكان گـــەنجی موسڵمانی پێ گومڕا دەكـەن تەنانـەت هەنـدێ گــەنجان لەبــەر ئــەم دیاریدەیــە نــاتوانن پەیوەست بـن بـە ئایینـەوە هـەروەكو خۆیـان دەیانـەوێ ئایـا دەتـەوێ ببـی بـە بەربەسـتێك لەئایینی پەروەردگار؟ پاشان دەبێت بیر لـەو ڕۆژە بكەیتەوە كە هەریەك بەتەنها ڕووبـەڕووی خــودای پــەروەردگار دەبێتــەوە وەلام ئامــادە بكەین بۆ ئەو ڕۆژە.

## خوشكی بەڕێزم:

پـانتۆڵ لەچـەند ڕوویەكـەوە حەرامـە، زانایـان فەتوایان داوە بەحەرامی پانتۆڵ بۆ ئافرەتـان، چونكە:

یەكەم: خـۆ شـوبهاندنە بـە پیـاوان، چـونكە پانتۆڵ لەسەرەتاو بنچینەدا پۆشاكی پیاوانە.

دووەم: خـۆ شـوبهاندنە بـە كـافران، چـونكە پانتۆڵ لە سەرەتاو بنچینەدا پۆشاكی كافرانە.

سێهەم: سەرنجی پیاوان رادەكێشێت وتوشـی فیتنەیان دەكات.

چـوارەم: نـابێ ئـەو حیجابـە یـان ئـەو جلـەی لەبـەری دەکـەی تـەنك بێـت بـە شـێوەیەك کـە پێـستی ئافرەتەکـە دەربخـات ئـەوا دیـسان دەبێتە کۆسپێك لە کۆسپەکان لەبـەر دینـداری گەنجان وتوشی گوناھ کردنیان دەکەیت.

**خوشکی بەڕێزم:**

دەبێـت ئـەوە بزانیـت کـە دەبیـت بـە خێزانـی پیاوێك یان خێزانـی پیـاوێکی جـا چ پێویـست دەکــات تــۆ جــوانی خــۆت بــۆ خــەڵکی دەرخــەیت؟!!! وخــەڵکی کەســانی وەکــو گورگی تێدایە کە بـە دەوری ناموسـی خـەڵکی دا دەگەڕێن لە کـەداری بکـەن وەك دەبیـسترێ لە ھەندێ شارو شارۆچکەکان!!!

چـوارەم: نـابێ ئـەو جـل وبەرگـە تەسـك بێـت لەشی ئافرەتی تێدا دەرکەوێ بەرزو نزمێکـانی لەشــــــی ئــــــافرەت دەرکـــــــەوێ.

**خوشکی بەڕێزم:**

پێغەمبــەری خــودا ﷺ باســی دوو کۆمــەڵ دەکـات کـە لـە سـەردەمی خۆیـدا نـەبوون و نـەیانی بینیـوە، بـەڵام دێـن وپەیـدا دەبـن، دەفــــەرمێت: کۆمەڵــــەی دووھــــەمیان ئــــەو ئافرەتانەن:

(نساءٌ كاسيات عاريات مـــائلات مميـــلات لا يدخلن الجنة ولايريحون ريحها وإن ريحها بعد من مسيرةِ كذاو كذا)[٣].

واتە: کۆمەڵە ئافرەتانێکن کەجلیان لەبەردایـە بەڵام ڕووتن(یان تەسکە یان کورتە یان تەنکە) لەنجــەولار دەکــەن ولادەرن و خــەڵکی لــەڕێ لادەدەن ئەوانــــە ناچــــنە بەھەشــــتەوە، وە تەنانـەت بـۆنی بەھەشـتش ناکـەن ھەرچـەندە بۆنی بەھەشت ئەوەندە وئەوەندە دەڕوات.

پێنجەم: نابێت ئەو جل وبەرگە بە جۆرێك بێت وەکـو جلـی بـێ بـاوەڕان بێـت لـە شـێواز و دوورینی وزیاد و کـەمی وڕەنگـی، چـونکە وەك پێشتر باسمان کرد ھێمایەکە بۆ خۆشەویـستی موسڵمان بـۆ بـێ بـاوەڕان ئەمـەش حەرامـە لـە ئایینی پیرۆزدا.

شەشەم: نابێت وەکو جلی پیاوان وابێـت یـان ئافرەتان دەبێت جلیان جیاواز بێت لە پیاوان، کەواتە ھەندێ جل تایبەتن بە ئافرەتانە وەکـو کراس و مەکسی وکەوا و عاباو جبـە وحیجـاب. وھەندێ جل ھەن تایبەتن بـە پیاوانـەوە وەکـو قات و پانتۆڵ وچـاکەت و....نابێـت ئافرەتـان جلی پیاوان لەبەر بکەن، ئایا خوشـکی بـەڕێزم

(٣) رواه مسلم، وانظـر صـحيح الجـامع الـصغير : (٣٧٩٩).

عابەكەت بەم شێوەیەیە یان بوو بەمانتۆ؟ دڵنیابە گەر عەبات بوو بە (مانتۆ) ئەوا هەنگاو هەنگاو شەیتان بەرەو هەڵدێرت دەبات.

## خوشكی بەڕێزم:

وریا بین كە تەڵەكەی شەیتان زۆر زۆرە بەڵام بۆ هەموو گۆڕانێك سەرەتایەك هەیە، وەزۆربەی دوور كەوتنەوە لە ئایین پەیوەست بوون بە ئاستی ئیسلامی پیرۆز لە بیر كردنەوەیەكدا ڕوو دەدات چۆن سەرەتای هەر لافاوێك دڵۆپە ئاوێكە . ئاواهاش سەرەتای سفور بوونی ئافرەت لە بیردا هاتنێكەوەیە.

## خوشكی ئیماندارم:

پەیوەست بە بە حیجابەكەتەوە، چونكە ناسنامەیەكە بۆ تۆ، بەڵێ ناسنامەی ئافرەتانی بەڕەوشت و ئایین پەروەرە .

خوشكی ئیماندارم

ئەو قۆناغانەی كە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێ چوار قۆناغە یەكەم قۆناغ ئەم دنیایەیە كەتێیدا دەژیت، پاشان قۆناغی ناو گۆڕ وژیانی ناو گۆڕ، پاشان ژیانی مەحشر گۆڕەپانی مەحشركە فریشتەكان هەمووی تێیدا كۆدەبێتەوە، خودای گەورە خەڵكی تێیدا محاسبە دەكات ولێ پرسینەوە دەكرێ پاشان یان بەهەشتی پان وبەرینە یان ئاگری دۆزەخ پەنامان هەر خودایە، خوای گەورە من وخوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە بەبەهەشتی پان و بەرین شاد بكات .

## بەڵام خوشكی ئیماندار:

دڵنیابە كەدونیا تاقیكردنەوەی تێدایە خۆشێكانی قۆناغەكانی قەبر ومەحشرو بەهەشت ڕاوەستاون لەسەر گوێڕایەڵی كردنت بۆ پەروەردگارت، خودای گەورە دەفەرمێت:

﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾ [الملك: ٢] .

خودا ژیان ومردنی دروست كردووە تاكو بەندەكانی تاقی بكاتەوە وكێ كردەوەی باشترین دەكات وگوێڕایەڵی خوای گەورەیە جا ئەگەر لەدونیا وەڵامی ئایینی پەروەردگارت نەدایەوە دڵنیابە كەژیانی ناو گۆڕ سزایەو تاریكییە لەگۆڕەپانی مەحشردا شەرمەزاری و ڕیسواییە شەكەت و ماندوێتییە لەدوای مەحشر بەرەو خەشم وتوڕە بوونی خودا دەبێت كە ئاگری دۆزەخە.

جا خوشكی بەڕێزم چاكەكاربەو خۆت بپارێزە تاوەكو پارێزراو بیت لە هەموو ناهەموارێك لەڕاستێكانی دونیای غەیبدا ڕوودەدات كە

توشی تاوان باران دێت لە دوای بەهارو جوانی و گوڵی گەنم وهەڵوەرینی.

## خوشكی بەشەرم وحەیا:

وریابە لەو مۆبایلەی كە هەڵی دەگریت یا ئەو (تلفـــون)ەی كەلەماڵەوەیــــە بەڕاســـتی ئافرەتــانێكی زۆری بـــەرەو هەڵـــدێر بــردووە ئــابڕوی چــەندەها بنەماڵــەی بــردووە ســەری چـــەندەها ســـەربەرزی سەرشـــۆڕ كـــردووە، چـەندەها كـچان توشـی شـەرمەزاری كـردووە تـــاوەكو وایـــان لێ هـــاتووە نـــەدەژین نەدەمرن!!!چەندەها كچی تازە پـێ گەیشتو كـە هێشتا لـەفرۆفێڵی پیـاوە گـورگ ئاسـاكان تێنەگەیـشتوون توشـی هەڵـدێری گـەورەیان دەكـــەن ڕووزەردی لای مـــاڵ دەبـــن بـــەناوی عیشق وخۆشەویستی‌یەكی بەتاڵ كە لەڕاستیدا قــوڵ كـردن و ڕابـواردن وهەڵخەڵەتاندنــە، لـە كۆتـاییش پیاوەكـە یـان كـوڕە گەنجەكـە وەك بـەرزەكی بابـان بـۆی دەردەچـێ، كـچەكەش جێگای دەبێتە گۆڕو بڕیاری كۆتایی دەردەچێ كەنابێ كچەكە بژی.

ئەم ئەنجامی بەشێكی ئافرەتانە لە كوردستان ســالانە ســەدەها حالــەتی وەهــا ڕوو دەداو باسش ناكرێ، لەبیر دەبرێ.

## جا خوشكی موسڵمان:

ســـەرەتای زۆربـــەی ئـــەم پەیوەندییـــە ناڕاســـتەوخۆیانە كـــە ڕوو دەدەن لـــە مۆبایلەكەتەوەیــە، ئــەم ڕاســتییە كــەدەبێت بــوترێ، وریابــە خوشــكی ئــازیز هــەموو پەیوەندێك وەلام مەدەوە.

چـەندەها ئـافرەتی بـە شـەرم وحـەیا شـەرمی خـۆی دانـا لـە ڕێگـای مۆبایلـەوە و چـەندەها ئــافرەت لــەڕێگای پەیوەندێكانــەوە توشــی هەڵەی گەورە بوونە ماڵی خۆی پێ وێران كرد، وچـــەندەها وێـــران بـــوونی هۆكارەكـــە دەگەڕێنینەوە بۆ ئەم حاڵەتە.

## خوشكی بەڕێز.

ڕاســتە مرۆڤــ لــەژیانی دونیــادا پێویــستی بەگەڕان وسەفەر هەیە، بەڵام وریا بیت نەكـەی بـۆ جێگایـەی دور ڕۆیـشتی كـە ڕێگـای شـەو ڕۆژێك بێـت بەتـەنها بچیت بـە بـێ ئـەوەی كـە مەحرەمێكت لەگەڵ دابێـت. چـونكە پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمێت:

**لايحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الآخر أن تسافر مسيرة يوم وليلة إلا مع ذي محرم)**[٤].

واتە: دروست نییـە بـۆ ئافرەتێك كـە بـاوەڕی بەخواو ڕۆژی دوای هەبێت سەفەر بكات لەشەو

(٤) (رواه الترمذي وأبـو داود، وصـححه الألبـاني في: صحيح الجامع الصغير: ٧٦٥٣).

ڕۆژێك زیاتر بێت مەگەر لەگەڵ مەحرەمێكی خۆیدا نەبێت.

ئەمە بۆ كاتێك گەر هاتوو دونیا ئەمن و ئاسایشی تێدا هەبێت، خەڵكی بەگشتی خوداناس و پاك بن، بەڵام ئەگەر ئەمانەت نەماو ئاسایش كەم بوو خەڵكی خراپ زۆر بوو ئەوا تەنانەت دروست نییە بە تەنها لە شاری خۆی دەرچێ بگرە تاوەكو ناو شاری خۆی گەر خراپە كاری زۆری تێدا بێت. ئەمانەش هەمووی بۆ پاراستنی كەسایەتی ئافرەتە تا كەس هەتكیان نەكات و نەبن بەنێچیری گورگەكان!!!!؟؟

خوشكی موسڵمان خوشكی خوێندكار: بەتەنها لەگەڵ شۆفێردا سەرمەكەوە مەگەر شۆفێرەكە كەسی مەحرەمی خۆت بێت، چونكە دروست نییە بۆت لەگەڵ پیاوی نامەحرەمدا پێكەوە دانیشن لەشوێنێكدا.

ئەگەر تائێستا كاری وات كردووە وازی لێ بهێنە، چونكە لەوانەیە خوشكی بەڕێزم تاكو ئێستا لەگەڵ شۆفێرێكدا سەر كەوتبێتی بەشێوەیەك دووا بێت لەگەڵتدا كەشایستەی ڕێزی جەنابت نەبوو بێ بەڵام هەڵەكە دەگەڕێننەوە بۆ كێ!!!

**خوشكی ئیماندارم**

وەك ڕاستیەك دەوترێ كە ئافرەت نیوەی كۆمەڵگایە دایكی نیوەكەی تریشێتی. كەوابوو گەر بێت ئافرەت هەست بە بەرپرسیاری خۆیان نەكەن ئەوا چۆن گومانی باش هیوای گەورەمان هەبێت بە منداڵەكان كەلەباوەشی ئافرەتانێكدا گەورەبن كەخۆیان لەژیان نەگەیشتبن لەمەبەستەكانی خێزان وپەروەردە كردنی منداڵ نەگەن ونەزانن .

جا چۆن هیوایەكمان هەبێت بەو منداڵانەی كەنەوەی پێشكەوتنی وڵات ونەتەوەی خۆیان بن لەهەمان كاتدا لەباوەشی ئافرەتانێكدا گەورە بن خۆیان پێویستیان بەئاراستەی ژیان وئامۆژگاری گشتی بێت.

لێرەوە دەڵێم: ڕووتی ئافرەتان زۆر گەورەیە وكاریگەری هەیە بۆ ڕوخاندنی وڵات ونەتەوە یان بۆ سەرخستنی وڵات.

بۆیە لەكۆنەوە وتراوە:

(وراء كل رجل عظيم أمٌّ).

واتە: لەپشتی هەر پیاوێكی گەورەوە دایكێك هەیە.

## خوشكی موسڵمان

خوشكی بەڕێزم هیچ شانازیەك لەوەدا نییە بۆ مرۆڤ كەتەنها باوەڕی بە بینراوەكان هەبێت، چونكە هەموو مرۆڤەكان تێیدا یەكسانن بەڵام

گەورەیی و ژیری لەوەدایە کە مرۆڤ باوەڕی بەڕاستییەکانی دونیای غەیب هەبێت کە هیچ گومانی تێدا نییە وهەمووان دەبینین وپێدا تێ دەپەڕین.

### خوشکی باوەڕدار.

لەگۆڕەپانی مەحشر خودای گەورە ومیهرەبان ئەو زاتە پیرۆزە یەك یەك بانگمان دەکات بەبێ ئەوەی وەرگێڕێك لەو نێوانەدا هەبێت، جالەو کاتە سەیری لای ڕاست دەکەی ئەو کارەی ئەنجامت دابێت دەیبینی، پاشان سەیری لای چەپ دەکەی بەهەمان شێوە ئەو کردەوانە دەبینیت کە کردوتە، پاشان سەیری پێشی خۆی دەکات هیچ شتێك نابینێ تەنها ئاگری دۆزەخ نەبێ، جا خۆت بپارێزە لەو ئاگرە باتەنانەت بە لەتە خورمایەك بێت، با بە ووشەیەکی باش بێت.

(ما منكم من أحد إلا سيكلمه الله يوم القيامة ليس بينه وبينه ترجمان فينظر أيمن منه فلا يرى إلا ما قدم وينظر أشأم منه فلا يرى إلا ما قدم وينظر بين يديه فلا يرى إلا النار تلقاء وجهه فاتقوا النار ولو بشق تمرة ولو بكلمة طيبة)(٥) .

(٥) (رواه الترمذي والبيهقي،وصححه الألباني في : صحيح الجامع الصغير: ٥٧٩٨).

### خوشکی بەڕێزم:

چ وەلأمێك ئامادە دەکەیت بۆ خودای گەورە لەو کاتەدا کە پێت بلێت: ئەی بەندەی خۆم ئایا شەرمت لەمن نەدەکرد سەرپێچی فەرمانی منت دەکرد بەئاشکرا بەلأم تاوانەکانت لەخەڵکی دەشاردەوە ! ! !

### خوشکی باوەڕدار

دیارە کەدونیا تەمەنی درێژە پێش لەدایك بوونی من وتۆ و ئەوانەی دەیانبینین دونیا هەر هەبووە، ئەوەش بزانە دونیا هەر دەمێنێت دوای مردنیشت وئەو تەمەنەی تۆ بەرامبەر بە مێژووی دونیا چەند نەختێکە هیچی تر نا.

و ئەو چەند ڕۆژەی تەمەن دیاری کراوە بەهەلی بزانە.

### خوشکی بەڕێزم:

بۆ گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەری خودا ﷺ بەجێ بهێنە وریابە تۆ پێك هاتووی لەتەمەنت ئەگەر ڕۆژێك ڕۆیشت لەتەمەنت ئەوە بزانە بەشێك لەتۆ ڕۆیشتووە. وەئەوەش بزانە هەموو دونیا هەستن ناتوانن ئەو خولەکەی کەبەسەرتا تێ دەپەڕێ بیگەڕێننەوە بۆت! ! !

داوام وایە لە هەموان کەکات بەفیڕۆ نەدەین نەك خراپەی تێدا بکەین! ! !

### خوشکی بەڕێزم

بەلایەكی تری كومەلگا و زەرەرێكی تیمار نەكراو ئەو جوكی وفالچی وساحیرانەی گۆمەلگایە .

بەشێكی زۆری ناكۆكێكانی خێزانی ئەو ساحیرانە دروستی دەكەن بەڕەش كردنی ئافرەت لەبەر چاوی پیاوەكەی یان پیاوەكە لەبەر چاوی ئافرەتەكە كە دەبێتە هۆكاری تێكچونی خێزان و پاشان تەلاق و پاشان ئەو مندالانەی كە لەو نێوانەدا بوون دەبن بەقوربانی ئەو كێشەیە كە بینراوە وهەست پێكراوە .

## خوشكی بەڕێزم:

پەنا نەبەیتە لای ئەو فالچیانە، چونكە لە شەرعی پیرۆزی ئیسلامدا گوناهێكی گەورەیە هەروەك پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێ:

(من أتى عرافاً أوكاهناً فصدقه بما يقول فقد كفر بما نزل على محمد ﷺ )[٦]

واتا: هەر كەسێك بچێتە لای فالچیەك یان ساحرێك وباوەڕی پێ بكات بەوەی كە دەیلێت ئەوە ئەو كەسە بێ باوەڕ بووە بەو پەیامەی كەوا دابەزیوە بۆ سەر محمد ﷺ .

(٦) (صحيح الجامع الصغير: ٥٩٣٩) .

ئەم حالە ئەگەر بێت وبچێت بەڕاستی بزانێ، بەلام تەنها بچێتە لای پرسیاری لێ ئەكەی بەڕاستی نەزانی ئەوە نوێژی چل ڕۆژت قبول نابێت، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:

(من أتىعرافاً فسأله عن شيء لم تقبل له صلاة أربعين يوماً)[٧] .

چونكە بەڕاست زانینی فالچی وجوگی لەگەڵ پەیامی ئیسلامدا یەك ناگرن لەئایینی ئیسلامدا.

وە لە فەرموودەدا هاتووە:

(لايعلم الغيب إلا الله)[٨].

واتە: تەنها خودا لەغەیب و پەنهانەكان دەزانێت، ئەوانیش بانگەشە بۆ ئەوە دەكەن كە غەیب دەكەن.

## خوشكی بەڕیزم

ئایا دەزانێ ڕوبەری تاوانەكان كەدەكرێ بەئەندامی زمان دەكرێ، ئەو زمانەیە كەوا دەكات بەتەنها ووشەیەك خۆشەویستترین كەس دڵ بریندارکەی وبەتەنها ووشەیەك دەبێتە هۆی جیابوونەوەی خێزانی، تەنها وشەیەكە دەبێتە هۆی لەخودا بەدوور بیت،

(٧) (صحيح الجامع الصغير: ٥٩٤٠).

(٨) (حديث حسن رواه الطبراني).

هەر بۆیە خودا زمانی لەنێوانی ڕیزبەند دانا دروست کردووە تاکو توانای گرتنیمان هەبێت وهەموو ئەندامەکانی لەش پەنا دەگرن بەخودا لە زمان وشەڕی زمان، هەر بەزمان دەکرێ ناشرینترین ڕەوشت کەدرۆیە هەربە زمان دەوترێ کە لەعنەت لە منداڵی خۆت یا خەڵکی بکەیت چەندەها تاوان وگوناهی گەورەیە وەکو غەیبەت وەکو بوهتان ..

## خوشکی ئیماندار:

خۆت بەدور بگرە لەئافاتی زمان لەنەهامەتیەکانی زمان، زمان و ئەنجامی ڕەشی زمان، تاکو یەکێك بیت لەئیماندارە ڕاست گۆکانی دونیا...

## خوشکی بەڕێزم:

بیرێك لەڕۆژانی ڕابردوو بکەرەوە گەر ئاوەدان بوو بەچاکەو پاکی ئەوە بزانە کە فەزڵی خودایە لەسەرت شوکرو سوپاس و ستایش بکە، گەر هاتو وانەبوو لەگەڵ بیرکردنەوەتدا ئەوا فرمێسکی پەشیمانی بڕێژە بۆ ئەو هەموو تاوان وهەلأنەی کردووتە بۆ ئەو کاتەی بەبێ ئاگایی بەسەرت بردووە، ئایا ڕۆژێك یان تاقێك یان کاتژمێرێك دانیشتووی لێ پرسینەوە بکەیت لەگەل خۆتدا پێش ئەوەی محاسبە بکرێیت .

## خوشکی بەڕێزم:

تاکو لە دونیا ماویت موڵەتت هەیە بۆ گەڕانەوە بەڵام گەر مردیت هەموو دەرگایەکت لێ دادەخرێت ئەوسا شەرمەزاری هەتا هەتایی توشت دەبێت خوای گەورە من وتۆ و موسڵمانان بپارێزێ.

## خوشکی موسڵمانم:

تەنها پەرستنێك هەبێ کەزەحمەتی تێدا نەبێ دەنگی گەورە ومەزن بێت دوعایە و پاڕانەوا غەنیمەتێکی گەورە، ئەم عیبادەتە جێ بەجێ بکە وبپاڕێرەوەو پەلە مەکە لەوەڵام دانەوەتدا .....

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**